# دواهەمین هەناری دونیا چۆن چۆنی دزراوە ؟

## بەشی سێیەم

ئەو (ناپیاو)ەی ماوەیەك لەمەوبەر لە نامەیەکی (سوکایەتی بوونی) خۆیەوە بەرد بارانی کردبووین دڵنیائەکەینەوە کە ناو نەهێنانی ناوی نووسەری ئەم باسە لەمەوبەر پەیوەندی (بە ترس) و شتی ترەوە نەبووە وەك ئەو نا جوامێرە شەکری لەسەر شکاندووە . بەڵکو لە رووی حورمەتی هونەریی یەوە جوان نەبووە دووجار ناوی (کەسێك) بڵاوبکرێتەوە . لە لایەکی تریشەوە ئێمە وا تێ ئەگەین هەموو شتێك لە ژیاندا هەر لە (بیر کردنەوە و نووسینەوە) بگرە تا بە ئەدەب و هونەر و سیاسەت و کاری کۆمەڵایەتی و چی و چی تر ئەگات ملك نییە لەسەر هیچ (سەگ و سەگبابێك) تا (رووخسەت) بۆ چوونە ژوورەوە وەربگیرێت ، بەڵکو هەر (سەگبابێك) بیەوێ مافی خۆی هەیە بەبێ جیاوازی و (منە منە) کاری خۆی مەیسەر بکات و دنیاش بۆ هەموو کەس دەشتە و چۆنی بوێت لێ بخورێت. نەك هەر ئەوە بەڵکو بۆ نموونە هەر زۆڵە کوردێك بیەوێ کورد نەبێ و پەنا بۆ زمانی تری دنیا بەرێت و بەو زمانە بنووسێت یا هەر شتێکی تر بکات ئازادە و کەسێك بۆی نی یە بڵێ بۆ وەها ئەکەیت ، لە کورد دا نموونەی (سەلیم بەرەکات و محەمەدی قازی و برایمی یونسی و یەشار کەمال ... هتد) زۆرن خۆ ئەگەر کەسێکی کورد ویستی لە سنووری بوونی نەتەوەیی خۆیدا وەك کورد شت بکات و ئەسپی بەهرەی (تاکەکەسی) خۆی تاو بدات هیچ کەسێك بۆی نی یە پێ ی بڵێ (لەل)لەبەر ئەوە بۆ نموونە (ئەدەبی کوردی) لەسەر کەس (تاپۆ نی یە) هەموو کوردێك شێت بێت یا ژیر ، کەر بێت یا دانا ، سەرسەری بێت ی برنجی پیاو ، هەژار بێت یا کوڕی خوا ، مێ بێت یا نێر ، حیز بێت یا مەرد ، نەخۆش بێت یا ساغ ، جاش بێ یا باش .... هتد ، بۆی هەیە چۆنی بوێت وا بکات یا وانەکات کەس حەدی نی یە بڵێ کڵاوەکەت خوار داناوە . ئێمەش هەرچی بین چونکە کوردین کە دەستمان دایە وەها نووسینێك یەکەم هەقێکی سرووشتی خۆمانە و دووەم بەر لە هەموو شت حسابی (کاری ئەدەبی) مان بۆ کرد و بەشەڕە گەڕەك و زۆرانبازیمان نەچوواند تا وەها (نا پیاو)ێك ئەو هەموو (یەعەی) لەسەر بخوات.

لە سەرێك لە سەرەکانەوە ئێمە نە (پیاو)ی کەسین نە (کاسەلێسی) ئەملا و ئەولاشین نە کەسیش بە گەورە و فیلەتەن یا بە بچوك و گرگن سەیر ئەکەین بەڵکو منالْ بە منالْ ئەبینین و جاش بە جاش و دز بە دز پیاو بە پیاو و هیچ بە هیچ ئەبینین هەر لەو روانگەیەشەوە بۆ ئەوەی ئەو (ناپیاو)ە چاك حاڵی بێت و تێ بگات بایی چەندەیە ئێمە (بەختیار)ی ئاغای ئەو (لێرە)بێت یا لە (هەندەران) لامان گرنگ نی یە و شەرمی هیچی لێ ناکەین و لە لایەکی تریشەوە نە (بەختیار) کەسێکی (پیاو خۆرە) تا لەوە بترسین (حەممان) بکات و نەکابرایەکی (پیاو کوژیشە) لە ترسی ئەو کفنەکەمان زەرد هەڵگەرێت، نە بیر و بیرکردنەوەشی بەیەك (پوولی قەڵب) ئەکرین ، نە بە دەست و قەڵەمیشی سەرسامین چونکە بەلای ئێمە هەرچی ئەڵێ و ئەنووسێت بنێشتی دەمی خەڵکی غەیری کوردە لای ئەو ئەجوڕێتەوە ، ئەگەر بێت لایەنی قینەبەرایەتیش حسابی (سفری دوای فاریزە)شی بۆ ناکەین . سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە بە دوو چاوی خۆمان ئەبینین ئەوانەی (ریکلام)ی ناوبانگ دەرکردن بۆ (بەختیار) ئەکەن لە کۆمەڵێك خەڵکی (شۆڤێنی ) ناو کۆمەڵگای کورد تێ ناپەڕێت دڵنیاشین لەوەی ئەم کابرا (ناپیاوە) یەکێکە لەو خەڵکە (شۆڤێنی)یەی تا هەتا هەتایە مێژوو بێز لە بۆ گەنیان ئەکاتەوە , سەبارەت بە ئەدەب و شتی واش لەبەر ئەوەی (ئەدەب) ملکی باوکی کەس نی یە و کەس تاپۆی نەکردووە ئێمەش وەك هەر کەسێکی تر مافی خۆمانە وەك کورد کاری تیادا بکەین و بە پێ ی بۆ چوونی خۆمان قسە لەسەر راستی یەکان بکەین و شتە چەوتەکانیشی ڕیسوا بکەین . بۆ ئەوەی ئەو (ناپیاو)ە بە تەواوەتی . دڵنیا بێتەوە ئەو منم وەك (حسین بەفرین) ئەو کارە ئەدەبیەم گرتووەتە ئەستۆو دوای راگرتنی ئەم رۆژنامەیەش بە شێوەی (کتێب) درێژە بەم باسە ئەدەم و رەنگە دواتریش ئەگەر مام زۆرشتی تریش ئاشکرا بکەم . لە دواجاردا بەو (ناپیاو)ەی نامەی هەڕەشە و جنێو فرۆشی ئەکاتە سەرم تەنها ئەوەندەی پێ ئەڵێم هەر کەس شەرەفمەند بێت نابێتە (پیاو) ی کەس چونکە لە هەموو رۆژگارێکدا (بوون بە پیاو) تەنها یەك مانای کوردی هەیە ئەویش بە مانای (تەرەس) دێت و هیچی تر .

پاش ئەوەی زۆر بە کورتی لەسەر بابەتی کورتە رۆمانی (شەترەنج) قسەوباسمان کرد باش وایە بە دوای ئەوەدا چاوی سەرنج بۆ سەر بابەتی سەرەکی (دواهەمین هەناری دونیا) بگۆێزینەوەو کەمێك قسە لەسەر ئەویش بکەین تا لە دوایی دا بەراووردێکی لێکچوون لە بەینی هەردوو لا نیشان بدەین , نووسراوی (دواهەمین هەناری دونیا) ش هەر بەگێڕانەوە دەست پێ ئەکات و تا کۆتاییش دێت هەر گێڕانەوەیە و گێڕەرەوە لەسەرەتاوە تا دوایی هاتن کەسی یەکەمە و هیچ گۆڕانێکی هونەری بەسەدا نایەت و هەر ئەویش پاڵەوانی بنەڕەتی ناو باسەکەیە بەڵام لە کورتە رۆمانەکەی (ستیڤان) دا گێڕەرەوە لە ناوەندی رووداوی باسەکەدا کەسی یەکەم قسەی خۆی ئەداتە دەست (کەسی سێیەم) و ئەو ئەبێتە گێڕەرەوەی رووداوەکە . لەوی (شەترەنج) دا هونەرێکی زیندووی نوسین هەیە بەڵام لە باسەکەی (دواهەمین هەناری دونیا) دا کارێکی زۆر (تەقلیدی) بە چەشنی حیکایەت هەیە و کەسی گێڕەرەوە بە ناوی (موزەفەری سوبحدەم ) کە تەوەری کێشەکە لەم سەرەوە تا ئەو سەر بەوەوە بە ستراوەتەوە ئاوێنەی دەرخستنی تەواوی شتەکانە . ئەویش وەهایە گوایە (موزەفەر) پێشمەرگەیەکی زیندانی یەو بیست و یەك ساڵ لەیەك شوێندا بەناوی (بیابان) رووبەرووی تەنیایی کراوەتەوە تا لە لایەن (یاقوبی سنەوبەر) بەرەڵا ئەکرێ و دواجار لەسەر کەشتی یەکی ناو دەریا خۆی ئەبینێتەوە وەك وێڵ لە شوێن سۆراغ کردنی یەکێك لە (سەریاسەکان) دایە . هەموو ئەو گێڕانەوەیەش لەسەر کەشتی یەك دەست پی ئەکات و لەوێشدا دوایی دێت .

بەردی بناغەی هەموو نووسینی (دواهەمین هەنار) کە بووە بە زەمینەی بیناکردنی گشت باسە (لاوەکی)یەکانی تر تەنها (موزەفەری سوبحدەم) و گرتنی و تەنیایی کردنی و بەرەڵاکردنی ئەو و خۆ بینینەوەی ئەوە لەسەر کەشتی یەك بۆ گەڕان لە شوێن (سەریاس) ێك لە (سەریاسەکانی) . ئەم بابەتە سەرەکی یەی (دواهەمین هەنار) لە (ئەلف) ەوە بۆ (یا) ی دزراوە چونکە لە (شەترەنج) یشدا بە هەمان شێوە بەردی بناغەی رووداوەکانی (شەترەنج)ی لەسەر بنیات نراوە تەنها رووداوی (دکتۆر بی )یە لە گرتن و رووبە رووکردنەوەی بە تەنیاییەکی ترسناك و بەرەڵاکردنی ئەو و خۆبینینەوەی ئەو لەسەر کەشتی یەك بۆ گەیشتن بە جێ یەك تا ئاوارە بوونی خۆی تیادا حەشاربدات ,. لێرەدا ئەتوانم بڵێم ئەگەر کەسێك رووداوی (مەسخ بوونی) لە رۆمانی (مەسخ) ی (کافکا) دا دزی و بە(گا) یابە (ماسی)یابە (جنۆکە) یابە(دێو) یابە هەرشتێکی تری چووندا بیەوێو نەیەوێت ئەو کەسە دزەو رووداوی (مەسخ بوونی) دزیووە کەلە ئەسڵدا ملکی رەنج و بیرکردنەوەی (کافکا)یە . ئەوی (دواهەمین هەنار)یش بەهەمان کردەوەیە و لە (ستیڤان)دزراوەو ملکی رەنج و بیرکردنەوەی ئەوەو هیچی تر . جا بۆ کوێر کردنەوەی رێگای دزینەکەش نووسەر زۆرزانانە دێت چەند جۆرە ئاخنین (حەشو) قوت ئەکاتەوە لە (دواهەمین هەنار) دا باسی (خۆشکە سپیەکان) و (محەمەدی دڵشووشە) و (ئیکرامی کێو) و (سەریاسەکان) .... هتد کراوە بە ئاخنینی باسەکە بۆ گوم کردنی شێوەی هێنانی بابەتە دزراوەکە ئەم رەفتارە لە زۆربەی نووسینی ئەودا هەیە , خەڵکی خۆی ئەتوانێ لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێ ئاخنین و ئاخنینانەدا پارچە پارچەی بۆ




ئەو شوێنە جیا بە جیانەی ئەملاو ئەولا بگەڕێنێتەوە کە لێوەی هێنراون . من کردەوەکانی (بەختیار) بە (وەرشەیەکی تەجمیع کردن) ئەچوێنم کە لەم لاو لەولاوە شتی ئەم و ئەو ئەهێنێ و وەستایانە لەو (وەرشەی تەجمیع کردن)ی خۆیدا (تەجمیع)یان ئەکات و لەوکارەشدا زۆر لێزان و بە ئاگایە . لە (وەرشەی تەجمیع کردن)ی (دواهەمین هەنار)دا ئەسڵی (موزەفەری سوبحدەم) کەسێتی (دکتۆر بی) (شەترەنج)ی (ستیڤان)ە و جلی کوردی لەبەرکراوە . گرتنی هەردوولا بە دەستی (یەك) جۆر هێزی دڕندە و بکوژی مرۆڤ ، لە




لای (دکتۆر بی) هێزی بڕ و بکوژی (نازی) یە بەڵام لای (موزەفەر) هێز دیاریکراو نی یە تەنها بەوەدا نەبێ کە ئەو پێشمەرگە بووە دیارە هێزەکەش ئەبێ (بەعس) بێت , لەهەر دوولا هێزی گرتن هێزێکی داگیرکەرە , (تەنیا)کردنی هەردوولا یەك مەبەستی هەیە ئەویش پەنا بردنە بۆ (خەیاڵ) و خۆخەریك کرن بەو (خەیاڵ)ەوەیە . بەرەڵا کردنی هەر دوولا هۆکانیان وەك یەکترە (دکتۆر بی) لە ڕێگەی فەنتازیای (شەترەنج) ەوەیە و ئەوی (موزەفەر) لەڕێگەی(نامە بچووکەکان) ەوەیە . هەوەها روو بەروو بوونەوەی (میرکۆ) و (دکتۆر بی) هەر هەمان ململانێ و رووبە روو نەوەی (موزەفەر) و(یاقوبی سنەوبەر) ە ئەوان (شەترەنج) مایەی کۆکردنەوەو زۆرانبازیانەو ئەمان (پیشمەرگایەتی)یە , لەبەر ئەوە لابردنی باسە هینراوکانی (خووشکە سپی یەکان) و (محەمەد دڵشووشە) و (ئیکرامی کێو) و(سەریاسەکان) ...هتد هیچ لە کێشەی (موزەفەر) و (یاقوب) ناگۆڕێ تەنها ئەو باسە هینراوانە ئیشیان ئەوەیە درێژەیان بە رووداوەکە داوە هیچی تر ئەوی راستی بێت (دواهەمین هەنار) ئەوەندە درێژکراوەتەوە بێ مانا بووە دیارە ئەوەش لای نووسەر مەبەستی تیا بووە لەلایەن بۆ رێگا ون کردنی دزیەکە بووە , لەلایەکی تریش بۆ دەرخستنی توانای نووسەر بووە کە ویستوویەتی وەها خۆی نیشان بدات کە ئەگەر چەنەبازی و درێژدادڕیەکی لەم جۆرە دەربڕێت لای خوێنەر سەرسامی دروست ئەکات و دەری ئەخات کە شیاوی ئاماژە پێکردن بێت هەرچەندە ئەوەش جارێکی تر هەر بۆ کوێر کردنەوەی ڕێ وشوێنی دزی کردنە , ئەمە جگە لەوەی ئەو (چەنەبازی و درێژ دادڕیە) لای ئەوانەی شارەزای نووسین و هونەری نووسینن بە هیچ جۆرێك مانای توانا دەرخستن نین و کورد لە مێژە وتوویەتی : قسە هەزارە و دووانی بەکارە) ئەگەر وانەبووایە نووسین لەو هەموو زۆر نووسینی یەوە کەلە (جەنگ و ئاشتی) و (برادەرانی کارامازوف) و (گەڕان بە دوای کاتی ونبوودا) و (دۆنی ئارام) .... هتد نە ئەهاتە سەر کورتە رۆمان و چیرۆکی زۆر کورت واتە گەڕانەوە بۆ سەر ئەو خاڵەی (ئیزۆپ) بەر لە یەکدوو هەزار ساڵ لەمەو پێش دەستی پێکرد, سەرەڕای ئەوەی ئەو رۆمانە درێژانەی ئاماژەمان پێکردن جۆرە شارکارێکی ئەوەندە بە نرخن کە رەنگە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا توانا نەبێت شان لە شانیان بدات کەچی لەگەڵ ئەو هەموو نرخ و فەڕو پیرۆزیەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەش بوویانە رۆمان نووسین پەرەی سەند بۆ داهێنانی کورتە رۆمان و چیرۆکی زۆرکورت دیارە پەرەسەندنیش گەڕانەوەی بۆ دواوە نی یە و هەر ریگا بڕین و چوونە پێشەوە یاسای ژیانیەتی .

هەر کەسێك (بە ئارەزووی خۆی) بیەوێ بە تەواوی (دواهەمین هەنار) بخوێنێتەوەو کاتی پێ بکوژێت بیەوێ و نەیەوێ زۆر گەوجەو دنیای بە خەیاڵدا نایەت و لە بۆ شایی یەکی گەورەدا ئەژی چونکە لەم رۆژگاری خێرایی و ژیان جەنجاڵی یەدا ئەو جۆرە کەسە گەوجانە نەبێت کەسی تر نی یە دەرفەتی ئەوەی هەبێ تەمەنی خۆی وەها بێ هودە خەرج بکات و نرخ بۆ کاتەکانی بوونی خۆی دانەنێت .

## سەرنجێکی پێویست

وا جارێکی تریش کورتە رۆمانی(شەترەنج) بە ناوی (یاریزانی شەترەنج) لەلایەن (محمەد سابیر مەحموود) لە عەرەبی یەوە کرا بە کوردی ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن لقی کەرکوکی (یەکێتی نووسەرانی کورد) چاپ و بلاوکرایەوە ئەم کورتە رۆمانە لە ساڵی ١٩٧٣ دا لەلایەن (یحیی حقی) یەوە بەناوی (لاعب الشطرنج)ەوە کراوە بە عەرەبی و لە (دار الكتاب الجديد) یش چاپکراوە .

خوێنەری کورد ئەتوانێ لەم وەرگێڕانە سوود مەندبێت و لەلایەن خۆیەوە بەوردی بەراووردی هەر دوولایان بکات و درك بە کێشەکە بکات و بزانێ حاڵە تەکان چۆنن .




